# بەدرییە عەبدوڵڵا: بەهیوای ئەوەم بەرپرس

**خاوەن پێداویسیتییە تایبەتییەکان بەشێکی گرنگی کۆمەڵگان رۆڵی کاریگەرییان هەیە لە زۆربەی بوارەکاندا، سەرەڕای خاوەن پێداویستیشیان بەڵام بەردەوامن لە وەرزشکردن کە بۆتە بەشێکی ژیانیان، بۆئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن کە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگان، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین یاریزانی بەتوانا لە نێو وەرزشکارە خاوەن پێدوایستییە تایبەتەکان هەن، کە پاشەڕۆژێکی دیارو پرشنگدار چاوەڕێیان دەکات، یەکێك لەم یاریزانانەش کچە یاریزان بەدرییە عەبدوڵڵای یاریزانی هەڵبژاردەی سلێمانی و هەڵبژاردەی گۆرەپان و مەیدان لە یاریی هاویشتنی قورسایی، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی شاری سلێمانییە ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.**

***چۆن بوو خولیای وەرزشکردن بوویت بۆچی ئەم بوارەت هەڵبژارد؟**

- وەکو هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگا وەکو کەسانی دیکە، منیش خولیایەکی تایبەتم هەبوو هەر لە منداڵییەوە خولیای زۆرم هەبووە بۆوەرزشکردن، بۆیە خۆم خستە نێو دونیای وەرزش کردنەوە بۆ ئەوەی بوونی خۆم بسەلمێنم و بڵێم منیش وەرزشکارم دەتوانم شان بە شانی هەموو وەرزشکارێك ئەنجامم هەبێت.

*** ئاستی یارییە جۆراوجۆرەکانی خاوەن پێدوایستییە تایبەتییەکان چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئاستی وەرزشی لە ئێستادا لە تەواوی شارەکانی کوردستان گرنگی باشی پێ دراوە لە زۆر ڕووەوەو بەتایبەتیش بە ئاستی وەرزشکارە خاوەن پێدوایستییە تایبەتییەکان، یاریزانانی شارەکانیش لەلایەن لێژنەی پاڕا ئۆڵۆمپی کوردستان پاڵەوانێتییەمان بۆ دەکرێتەوە ئێمەش دەبێ گرنگی.

زیاتر بەتواناکانی خۆمان بدەین.

*** چی بکرێت باشە بۆپێشکەوتنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- ئەگەر بمانەوێ ئاستی یاریزانانی خاوەن پێدوایستی تایبەت لە گشت شارەکانی کوردستان بەرز بێتەوە دەبێت پێش هەمووشتێك خول و پاڵەوانێتیی بەردەوامیان بۆئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بەردەوام لە نێو کەش و هەوای وەرزش دابن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت گرنگیی زیاتر بە کردنەوەی هۆڵی تایبەت و هێنانی کەسانی بەئەزموون بدرێت بۆهێنانی خەڵکی زیاتر لە ئێستادا، بەشداری کردنی یاریزانانی خاوەن پێدوایستی تایبەت لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە خۆ هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرز بوونەوەی ئاست و یارییەکانیان.

*** کێشەو گرفتتان چیە وەکو خاوەن پێدوایستییە تایبەتییەکان؟**

- یاریگایەکی تایبەت بەخۆمان نییە ئەوەش کێشەی بۆئێمەی یاریزانان دروست کردووە، چونکە ئەگەر یاریگایەکی تایبەت بەخۆت نەبێت دەبێ هەر رۆژێ لە یاریگایەك وەرزشەکەی خۆت درێژە پێ بدەیت ئەوەش کێشەت بۆدروست دەکات لە مەشقەکان، داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزووترین کات داواکارییەکانمان بۆجێ بەجێ بکات کە بڕیار بوو چەند هۆڵێکمان بۆبکەنەوە.

***لە هەڵبژاردەی سلێمانی وەکو یاریزانی خاوەن پێداویستی تایبەت هاوکاریتان دەکرێت ؟**

-بە سوپاسەوە هاوکاریی کراوین وەکو پێویست ئێمەش وەکو یاریزانان دەتوانین گرنگیی باشتر بەتواناکانی خۆمان بدەین لە داهاتوو ئەگەر پشتگیرییەکی باشمان هەبێت، چونکە وەرزش کردن پێویستی بە پشتگیرییە.

*** لەهەڵبژاردەی عێراق داواکراوی وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

# قەڵا بووە پاڵەوانی جیمناستیکی یانەکانی هەولێر

بەمەبەستی

**زیاتر خزمەت کردنی یاری جیمناستیك لە شاری هەولێر و گرنگی دانی زیاترە بەم یارییە لە سنوری پارێزگای هەولێرو خۆئامادەکاری یانەکانیش بۆپاڵەوانیتیەکانی کوردستان و عێراق و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم پاڵەوانیتیەکە، لەهۆڵی بنکەی وەرزشی و لاوانی هەولێر بەبەشداری هەریەك لە یانەکانی (قەڵا ونیشتمان وپێشکەوتن و خەبات وئارارات) پاڵەوانێتی جیمناستیکی یانەکانی شاری هەولێر بەرێوەچوو، لە پاڵەوانیتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لە یانەکانی توانیان ئاستێکی بەرزی یاری جیمناسیتك پێشکەش بکەن لە پاڵەوانیتیەکەو ڕکابەری یەکتری بکەن**



# ـــــان بێنە نێو خەمەکانمانەوە و یارمەتیمان بدەن



دیمانە: کارزان کانەبی

- مـــن ماوەیەکـــی زۆر لـــە هەڵبژاردەی خاوەن پێداویستییەکانی عێراق یاریزان بووم، بەڵام ماوەیەکە دوور کەوتوومەتەوە.

***هیواو ئاواتت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم گرنگیی بەتواناکانی خۆم بدەم و بتوانم ئەنجامی شایســـتە پێشـــکەش بکەم، ناوی خۆم و هەڵبژاردەی شـــارەکەم بەرزکەمەوە لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بتوانم ئانجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنم.

*** داواکاریت لە بەرپرسانی وەرزشی کوردستان؟**

- بەهیـــوای ئەوەم زیاتر بێنە نێـــو خەمەکانمان و خولی باشـــمان بۆبکەنەوە ویاریگای تایبەتی بەخۆمان هەبێت بۆئەنجامدانی مەشـــقەکانمان ئەگەر ئەو داواکارییانەشـــمان بۆدابین بکـــەن بێ گومان دەتوانین ئاســـتمان زۆر بەرز بێتەوە.ئێمەش ببینە هەڵبژاردەیەکی گەورە لەســـەر ئاستی ناوچەکەی خۆمان.

*** داواکاریت ئەوەیە هەڵبژاردەی کوردســـتان دابمەزرێت و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەکە و ناوەکەی بەرز کەنەوە؟**

-ئەوە تاکە هیواو ئاواتی منە دەشـــتوانم ئەو ئاواتەم بهێنمە دی لە دروســـتکردنی هەڵبژاردەی کوردستان و بەشداریمان پێ بکەن لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە، بۆئەوەی بە هیممەتی هەموو لایەك ناوی کوردستان و ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەرزکەینەوە .

***وەرزشکردن هیچ کات کێشەی بۆدروست نەکردوویت ؟**

- تاکو ئێستا تووشی هیچ کێشەو گرفتێك نەبوویمە لە وەرزشکردن، بەردەوامیش وەرزشی خۆم ئەنجام داوە و گرنگیی باشیشم بە ئاست و توانای خۆم داوە.

***چی بەو کەسە خاوەن پێداویستییە تایبەتییانە دەڵێیت کە لەوەرزش کردن دوورن؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەوانیش بە زووترین کات پەیوەندیی بکەن و بتوانن لەرێگای وەرزشـــکردنەوە ناوی خۆیان و شارەکانیان بەرزکەنەوە،ئێستاش نموونەی چەندین یاریزانی خاوەن پێداویستیی تایبەتمان هەیە کە ئەنجامی باشیان تۆمارکردووە لەسەر ئاستی جیهانی.

*** باشترین ئەنجامەکانت چین وەکو یاریزان؟**

- خاوەنی پێنج مەدالیای جۆراوجۆرم لە پاڵەوانێتییەکان بەهیوای ئەوەم بتوانم، ببمە خاوەنی زۆرترین ئەنجام لەسەر ئاستی کوردستان.

***ئەگەر قسەیەکت مابێت ؟**

-بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە وەرزشـــکارانی خاوەن پێدوایستی تایبەت بدرێت لە گشت روویەکەوە بۆ کەم کردنـــەوەی خەمەکانیان، لە رووی راگەیاندنەوەش گرنگیی تایبەتیان پێ بدرێت بۆئەوەی ئەوانیش ببنە بەشـــێکی کاریگەری کۆمەڵگا تاکو بە هاندانی هەموو لایەك ئەنجامی گرنگ تۆماربکەین.


**بۆبەدەســـت هێنانـــی پلەکانـــی پێشـــەوەی پاڵەوانیتیەکە،ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوەبوو.**

**١-یانەی قەڵا**

**٢-یانەی ئارارات**

**٣-یانەی نیشتمان**

**لە کۆتایشـــدا خەڵات و دیاری بەســـەر یاریزانانی یانە سەرکەوتوەکان دابەشکرا.**



# ليبرۆن جيمس باشترين ياريزانی خولی باسكەی ئەمريكايە

ياريـــزان وئەســـتێرەی يانـــەی مەيامی هيت ليبـــرۆن جيمس خەڵاتی باشـــترين ياريزانی ئەم وەرزەی خولی يانە پيشەگەرەكانی ئەمريـــكای لەياريی تۆپی باســـكە (NBA) بۆ جاری چوارەم لەماوەی پێنج ســـاڵی رابردوو وەرگرت، ليبرۆن جيمس بووە پێنجەم ياريزان لە مێژوودا چوار جار ئەم خەڵاتە وەردەگرێت و هاتە ريزی ياريزانان كەريم عەبدولجەبار و مايكل جۆردان و بيل راسل و ويليت چامبەرلين، ليبرۆن جيمس لەم وەرزەدا ئاســـتێكی بەرزی لەگەڵ يانەكەی پێشـــكەش كردووە و يانەكەی گەياندۆتە قۆناغی پێش كۆتايی خولی باســـكەی ئەمريكا، جيمس لە كۆی ١٢١ دەنگ ١٢٠ دەنگی بەدەست هێنا .

ئەمەش ليستی باشترين ياريزانانی خولی باسكەی ئەمريكايە لەساڵی ٢٠٠٢ وە :

٢٠٠٢ : تيم دانكن لە يانەی سان ئەنتۆنيۆ
٢٠٠٣ : تيم دانكن لە يانەی سان ئەنتۆنيۆ
٢٠٠٤ : كيڤن گارنيت لە يانەی مينيسۆتا
٢٠٠٥ : ستيڤ ناش لە يانەی فينيكس سەنز
٢٠٠٦ : ستيڤ ناش لە يانەی فينيكس سەنز
٢٠٠٧ : ديرك نۆڤۆسكی لە يانەی دالاس ماڤريكس
٢٠٠٨ : كۆبی براينت لە يانەی لۆس ئەنجلۆس ليكەرز
٢٠٠٩ : ليبرۆن جيمس لە يانەی كليفلاند

# سانشێز لەيانەی بەرشلۆنە دەمێنێتەوە

ئەلێكسيس سانشـــێز ياريزانی هەڵبژاردەی چيلی ئەو هەواڵانـــەی رەتكـــردەوە كە گوايە لـــە وەرزی هاوينی داهاتـــوودا يانەی بەرشـــلۆنە بەجێدەهێڵێـــت و لەگەڵ يانەيەكی ديكە ياری دەكات، راپۆرتە رۆژنامەوانييەكان ناوی ياريزان سانشێزيان لەگەڵ چەند يانەيەك بەستەوە وەك يۆڤانتـــس و ئينتەرميلان،بـــەڵام ياريزانی ناوبراو ئـــەم هەواڵانەی رەتكـــردەوە و دووپاتيكردەوە كەلەگەڵ يانەی بەرشـــلۆنە بەردەوام دەبێت. سانشێز لەلێدوانێكيدا بۆ رۆژنامەی ئاســـی ئيســـپانی گوتی : من لەكاتی مەشقەكانی يانەی بەرشلۆنە زۆر خۆم ماندوو دەكەم بۆ ئەوەی يارمەتی تيپەكەم بدەم، من لەيانەی بەرشـــلۆنە خۆشـــحاڵم و لێرە دەمێنمەوە . هەروەها سانشێز گوتی : پەيوەندييەكەی من لەگەڵ يانەی بەرشـــلۆنە تا ساڵی ٢٠١٦ بەردەوام دەبێت و هيوادارم ئەو ماوەيە تەواو بكەم، هيـــچ نيازێكم نييە كەبچم بۆ يانەيەكی ديكە، لێپرسراوانی يانەی بەرشلۆنە باسی رۆيشتنی منيان نەكـــردووە، بەڵكو هەردەم وا مامەڵەم لەگەڵ دەكـــەن كە من بەشـــێكی گرنگی ئەو تيپەم .

شـــايانی باســـە ياريزان ئەلێكسيس سانشێز لەم وەرزەی خولی ئيسپانيا تەنها ٦ گۆڵی بۆ يانەی بەرشلۆنە تۆماركردووە.




# پۆل پۆگبا لەيانەی يۆڤانتس دادەبڕێت

ياريزانی لاوی فەرەنســـی پۆل پۆگبا ياريزانی هێڵی ناوەڕاستی يانەی يۆڤانتس بەهۆی هەڵســـوكەوتی دوور لەگيانی وەرزشی تا كۆتايی ئەم وەرزە رادەگيرێـــت و لەيانەی خانمە پيرەكەی پاڵەوانی خولی ئيتاليا دادەبڕێت، لەياريـــی نێوان هەردوو يانەی يۆڤانتس و پالێرمـــۆ كە تيايدا يانەی يۆڤانتس بە گۆڵێك ســـەركەوتنی تۆمار كردو بەفەرمی بووە پاڵەوانی خولی ئيتاليا پۆگبا لە دوا ساتەكانی يارييەكە (تف)ی بەرووی ياريزانێكی يانەی پالێرمۆدا كرد و دواتر ناوبژيوان بەكارتی سوور دەريكرد .

ليژنەی سزاكان لەيەكێتيی تۆپی پێی ئيتاليا ئەم هەڵسوكەوتەی پۆگبـــای بەدوور لەگيانی وەرزشـــی لەقەڵـــەم دا و بڕياری دا بۆ ســـێ ياريی داهاتوو رابگيرێت، بەمەش پۆگبا تا كۆتايی ئەم وەرزە ناتوانێـــت لەگەڵ يانەی يۆڤانتس ياری بكات و لەهەرســـێ ياريی يانەكـــەی بەرامبـــەر يانەكانی ئەتلانتا و كالياری و ســـامبدۆريا بەشداری ناكات .

پۆگبا لەســـەرجەم ئەو يارييانەی كەبەشـــداريی تێدا كردووە ئاستێكی بەرزی پێشكەش كردووە و هەر ئەوەش بووە هۆكاری بانگهێشـــتكردنی بـــۆ ريـــزی هەڵبـــژاردەی فەرەنســـا و بەشداريی لە يارييەكانی پاڵاوتنـــی مۆنديالی بەرازيـــل ٢٠١٤ كردووە.




# کاسیاس: ریال مەدرید ماڵی خۆمە

ماڵپەڕی سۆکەر سۆلس رایگەیاند ئیکەر کاسیاس گۆڵچی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆندێکی یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی رەتکردۆتەوە و بڕیاری داوە لەیانەی ریال مەدرید بەردەوام بێت، کاسیاس ئێستا لە ناکۆکیدایە لەگەڵ راهێنەری یانەی شاهانە جۆزێ مۆرینهۆ و لەدوای ئەو پێکانەی کە تووشی هات تا ئێستا لە هێڵی یەدەگ دادەنیشێت بە تایبەتی کە راهێنەر مۆرینهۆ پشت بە گۆڵچی دییگۆ لۆپێز دەبەستێت لەسەرجەم یارییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا کاسیاس دووپاتیکردەوە بەهیچ شێوەیەك بیر لە رۆیشتن ناکاتەوە و لەیانەی ریال مەدرید دەمێنێتەوە .

کاسیاس لە لێدوانێکدا گوتی : داهاتووی من لەگەڵ یانەی ریال مەدریدە و تا ئێستا بۆندەکەم لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوامە، من لەتەمەنی ٩ ساڵییەوە لەو یانەیە یاری دەکەم، ئەو یانەیە یانەی منداڵیی منە، ریال مەدرید ماڵی منە، ریال مەدرید ئەو شوێنەیە کە دەمەوێ یاری بۆ بکەم .

جێگای ئاماژە پێکردنە کاسیاس لەگەڵ یانەی ریال مەدرید نازناوی خولی ئیسپانیا و جامی شای ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەروپا و جامی سوپەری ئیسپانیای بەدەست هێناوە .




٢٠١٠ : لیبرۆن جیمس لە یانەی کلیفلاند
٢٠١١ : دیرك رۆز لە یانەی شیکاگۆ بۆلز
٢٠١٢ : لیبرۆن جیمس لە یانەی مەیامی هیت
٢٠١٣ : لیبرۆن جیمس لە یانەی مەیامی هیت.

# هەولێر میوانداری شۆڕتە دەکات و دهۆک دەبێتە میوانی کوەیت

ڕێبین ڕەمزی



لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ی جامی یەکێتی ئاسیا وا بڕیارە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە (١٤-١٥/ ٥/٢٠١٣) یارییەکانی ئەم قۆناغ بەڕێوە بچێت بە ئەنجامدانی هەشت یاری و هەردوو نوێنەری کوردستان هەولێر و دهۆك لەبەردەم کۆسپێکی قورس دان کاتێك ڕووبەڕووی دوو یانەی بەهێز دەبنەوە.

## هەولێر میوانداری شورتە دەکات

وا بڕیارە ڕۆژی چوارشەممە (٢٠١٣/٥/١٥) لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری کاتژمێر ٧ی ئێوارە یانەی هەولێر میوانداری یانەی شورتەی سوری بکات.

لەم یارییەدا هەولێر هەوڵ دەدات ئەم قۆناغە ببرێت بۆ دووبارەکردنەوەی دەستکەوتی ساڵی ڕابردوو، کە توانی بگاتە یاری کۆتایی پاڵەوانێتیەکە لە بەرانبەردا زۆربەی یاریزانەکانی یانەی شورتە لە ریزی هەڵبژاردەی سوریا یاری دەکەن و خاوەن ئەزموونێکی زۆرن.

یارییەکـــە دەســـتەی ناوبژیوانی ســـعودی بەڕێوەی دەبات و سەرپەرشـــتیاری یارییەکە لە وڵاتـــی بەنگلادیش و هیندستان-ە.

یانەی هەولێر لە قۆناغی یەکەم لە کۆمەڵەی دووەم شانبەشانی یانەکانی (فەنجا شانشینی عوممان، ئەنسار لوبنان، ئەهلی تەعز یەمەن) یاری کرد و توانی شـــەش ســـەرکەوتن بە دەســـتبهێنێت و ١٧ گۆڵ تۆمار بکات بە بێ ئەوەی هیچ گۆڵێکی لێ تۆمار بکرێت.

ئەنجامی یارییەکانی یانەی هەولێر لەم قۆناغ بەمشێوەیە بوو.

هەولێر – ئەهلی تەعز (٤-٠)، (٤-٠)

هەولێر- ئەنسار (٢-٠)،(٢-٠)

هەولێر – فەنجا (١-٠)،(٤-٠).

لە بەرانبەردا یانەی شـــورتە لە کۆمەڵەی چوارەم شانبەشـــانی یانەکانی (قادســـیە کوەیت، رەمسا ئوردن، رەفشان تورکمانستان) یاری کرد و پلەی دووەمی کۆمەڵەکی بە دەستهێنا دوای ئەوەی ١٢ خاڵ-ی کۆکردەوە چوار سەرکەوتن و دوو دۆڕاندنی بە دەستهێنا، یانەی شورتە ٨ گۆڵی تۆمارکردەوە و ٥ گۆڵی لێ تۆمارکراوە.

## دهۆك لە بەردەم ئەرکێکی قورسدایە

وا بڕیارە ڕۆژی سێشـــەممە (٢٠١٣/٥/١٤) لە یاریگەی کوەیت یانەی دهۆك ببێتە میوانی یانەی کوەیت کوەیتی، لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ی پاڵەوانێتیەکە، یارییەکەش کاتژمێر ٧,١٠ خولەکی ئێوارە بە کاتی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

ئـــەم یاریـــیە گرنگی خۆی هەیە، لەم ماوەیەدا یانەی دهۆك ئەنجامەکانی لە خولی عێراق وەکو پێویســـت نییە و ڕاهێنەر دەســـت لە کارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە دەستەی کارگێڕی یانەکە کرد، بەڵام دەستەی کارگێڕی دەست لە کارکێشانەوەکەی رەتکردەوە و دووبارە متمانە بە ڕاهێنەر نوێکردەوە.

لە بەرانبەردا یانەی کوەیت پاڵەوانی وەرزی ڕابردووی جامی یەکێتی ئاســـیا هەوڵ دەدات هەمان سیناریۆی وەرزی ڕابردوو دووبارە بکاتەوە و بگاتە قۆناغی کۆتایی پاڵەوانێتیەکە دوای ئەوەی لەم قۆناغەدا لە نێو جەماوەر و یاریگەی



خۆی یاری دەکات.

یانەی دهۆك لە قۆناغی یەکەم لە کۆمەڵەی سێیەم شانبەشانی یانەکانی (فەیسەڵی ئوردن، شەعب ئەب یەمەن، زوفار شانشینی عوممان) یاری کرد و پلەی دووەمی کۆمەڵەکەی بە دەستهێنا بە کۆکردنەوەی ١٢ خاڵ، دوای ئەوەی لە چوار یاری سەرکەوتن-ی بەدەستهێنا و لە دوو یاری تووشی شکست بوو و ١٤ گۆڵی تۆمارکرد و ٦ گۆڵی لێ تۆمارکرا.

**ئەنجامەکانی یانەی دهۆك لەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە** بوو.

دهۆك – شەعب ئەب (٣-١)، (٢-١).

دهۆك – فەیسەڵی (٠-١)،(٠-١).

دهۆك – زووفار ( ٣-١)، (٦-١).

یانەی کوەێت لە قۆناغی یەکەم لە کۆمەڵەی یەکەم شانبەشانی یانەکانی (رەفاع بەحرێن، سەفا لوبنان، ریگر تادرز تاجیکستان) یاری کرد و توانی پلەی یەکەمی کۆمەڵەکەی بۆ خۆی مسۆگەر بکات دوای کۆکردنەوەی ١٢ خاڵ، کاتێك لە چوار یاری سەرکەوتن-ی بە دەستهێنا و لە دوو یاری تووشی شکست هات و یاریزانەکانی توانیان ١٥ گۆڵ تۆمار بکەن و تەنیا ٦ گۆڵیان لێ تۆمارکرا.

جێگەی باسە خشتەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ی ئەم پاڵەوانێتیە بەمشێوەیە.

**ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٣/٥/١٤)**

سیمین یادانگ ئەندنوسیا – دا تانگ ئێف سی ڤێتنام

کیلنتان مالیزیا – کیتشی هۆنگ کۆنگ

فەیسەڵی ئوردن – رفاع بەحرێن

کوەێت کوەێت – دهۆك

**ڕۆژی چوارشەممە (٢٠١٣/٥/١٥)**

نیو رادینت دوورگەکانی ماڵدیف – سیلانگۆر مالیزیا


ئێست بەنگال هیندستان – یانگۆن یۆنایتد میانمار


قادسیە کوەێت – فەنجا شانشینی عوممان

هەولێر – شورتە سوریا

# پێشکەوتووانی کوڕان و کچانی پێشمەرگەی سلێمانی بوونە پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان

بەمەبەستی زیاتر بەرز کردنەوەی ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە شارەکانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان لە شاری هەولێر لەسەر یاریگای بنکەی وەرزش و لاوانی عەنکاوە بەبەشداریی زیاتر لە ٤٠ یانەی شارەکانی کوردستان و پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، لەهەردوو ئاستی کوڕان و کچان بۆئاستەکانی تازە پێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان و یاریزانانی یانەکانی کوردستانیش ڕکابەریی بەهێزی یەکتریان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە لە ماوەی سێ ڕۆژی پاڵەوانێتییەکە،.ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوەبوو.





ئاستی تازە پێگەیشتووانی کچان

١-هەولێر١١١خاڵ

٢-زاخۆ١٠١خاڵ

٣-پێشمەرگەی هەولێر٧٧/٥خاڵ

ئاستی لاوانی کچان

١-سیروانی نوێ ١٢٩خاڵ

٢-پێشمەرگەی سلێمانی ١٢٤خاڵ

٣-هەولێر١٠٧خاڵ

ئاستی پێشکەوتووانی کچان

١-پێشمەرگەی سلێمانی ١٥٠خاڵ

٢-سیروانی نوێ ١٣٤خاڵ

٣-ئاڵا ٦٦خاڵ

ئاستی تازە پێگەیشتووانی کوڕان

١-سەورە ١١٥خاڵ

٢-پێشمەرگەی سلێمانی ١١٢خاڵ

٣-خانەقین ٩٠خاڵ

ئاستی لاوانی کوڕان

١-سەورە١٢٠خاڵ

٢-سێمێل ١٠٤خاڵ

٣-خانەقین ١٠٣خاڵ

ئاستی پێشکەوتووانی کوڕان

١-پێشمەرگەی سلێمانی ١٣٩خاڵ

٢-دهۆك ١١٢خاڵ

٣-سیروانی نوێ ٨٢/٥خاڵ

